"کەس لەناو پارتیدا پێیخۆش نییە کێبەرکێ لەگەڵ سەرۆک بارزانیدا بکات"

ئا: نزار گزالی، هەولێر

ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان مەحمود محەمەد سەبارەت بە کۆنگرەی ١٣ی پارتیو مەسەلەی دەستاودەستکردنی دەسەلات لەنێوان پارتیو یەکێتیدا، بۆ ئاوێنە دەدوێت:

ئاوێنە: ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرە بەچی گەیشت؟

مەحمود محەمەد: بۆ کۆنگرەی سێزدەمی پارتی، هەروەکو لەپەرەوی ناوخۆدا هاتووە کۆمەڵێک لیژنە هەیەو هەریەکەو کاری تایبەتی خۆیان دەکەن. وەک لیژنەی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی نێوێنەرانی کۆنگرە، لیژنەی دیکە کەدەستبەکارن بۆ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ناو کۆنگرە، لیژنەی ئامادەکردنی پەیڕەوو پرۆگرامی پارتیو ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێویستە لەدوو بەڵگەنامەیەدا بکرێت، هەروەها لەگەڵ دانانی هەیکەڵو سیستەم کە لەگەڵ واقعی ئێستا بگونجێت تا پارتی بەرەو پێشەوەتربەرێت. ئەم لیژنانە دەسبەکاربوونو پەنا بەخوا مانگی یانزە کۆنگرەی ١٣ دەبەستین.

ئاوێنە: ئایا پێشبینی گۆڕانکاری دەکەیت لەمەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتییدا؟

مەحمود محەمەد: لەهەموو کۆنگرەکانی پارتیدا لەچڵو شەشەوە تا ئێستا کە دوانزە کۆنگرەی بەستووە، بەبەردەوامی نوێبوونەوەیەک هەبووە، ئەوەش بەحوکمی کۆمەڵێک بابەتو لەوانە دیارکردن، پێویست بوون، هەروەها هەندێکجار خودی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێویستییان بەپشوو بووەو داوای پشوویان کردووە، بەڵام تا نزیک نەبینەوە لەکۆنگرە ئەو مەسەلانە زیاتر بەوادری دەرناکەوێت، کە نزیک دەبیەوە زیاتر دەردەکەوێت، بەڵام ئەوەی کە لەبەرچاوە ئەوەیە کە کۆمەڵێک خەڵکی تازە بێنە سەرکردایەتی پارتیەوە، ئەوانەی کە متمانەی ئەندامانی کۆنگرە بەدەست دێنن.

ئاوێنە: ئایا پێشبینی دەکەیت جگە لەسەرۆکی پارتی مەسعود بارزانیو نێچیرڤان بارزانی، کەسی دیکە خۆیان کاندید بکەن بۆ سەرۆکو جێگر؟

مەحمود محەمەد: بە بۆچوونی ئێمە هەر حزبێک هەندێک سەوابتو، هەندێک بەرژەوەندی هەیە، بەرژەوەندی پارتی لەوەدایە کە بارزانی سەرۆکی پارتی بێت، ئەمەش قوەتێکە بۆ پارتی، هێزێکە بۆ پرۆسەی سیاسی لەکوردستاندا، بارزانی کەسێکە لەناو ریزایزێکو قوتابخانەیەک گەورە بووە دەتوانێت سەرکردایەتی ئەم حیزبە بەچاکی بکات. کەواتە بە تەسەوری من هیچ کەس خۆی کاندید ناکات، بەڵکو کەسیش پێی خۆش نییە کە خۆی کاندید بکات لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، ئەمەش لەڕوانگەی پەڕۆشییەوەیە بۆ حیزب، لەوەوە کە ئەم حیزبە بەهێزو بەتوانای خۆیەوە بمێنێتەوە، بەنیسبەت کاک نێچیرەڤانەوە، ئەو ئێستا تا کۆنگرە ئیشو کارەکانی سەرۆک دەکات، لەو دەسەڵاتانەی کە سەرۆک خۆی داویەتێ. بۆ کۆنگرەش نازانین ئەو چی دەکاتو خۆی بڕیاری چی دەدات، لەلایەکی دیکەشەوە کاک نێچیرڤانیش یەکێکە لەو کەسانەی کە قوەت دەداتە حیزب، هەروەها یەکێکە لەوانەی کە

> **ئەم چوار ساڵە، پۆستی سەرۆکی حکومەت دوو ساڵ لەیەکێتی نیشتمانی کوردستانو دووساڵیش لەپارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت**

کردۆتە یەکو وابزانم شتێکی جیاواز نەماوە. ئەوەی کە تاکو ئێستاش مابێت ئەجهزەی ئەمنییە کە تێکەڵاو نەبۆتەوە، ئەویش لیژنەیەکی بۆ پێک هاتووە بە سەرۆکایەتی دکتۆر بەرهەمو چەند هەڤاڵێکی دیکە بۆ ئەوەی کە پرۆژەیەک ئامادە بکەنو ئەو پرۆژەیە بدرێتە پەرلەمانو لەپەرلەمانیش ببێتە یاسا بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی داهو دەزگا ئەمنییەکان لەمەودوا لەکوردستان.

ئاوێنە: باسی زۆر شتت کرد، بەڵام ئامارەت بۆ دیوانی چاودێری نەکرد. لێرە ئەو دیوانە وێرای ئەوەی کە یەکیان نەگرتۆتەوە، بەڵام دیوانی چاودێری دارایی لەهەولێر کارا نییە، ئایا هۆکاری ئەوە چیە؟

مەحمود محەمەد: دیوانی چاودێری یاسای بۆ دەرچووە، بەس ماوەتەوە بەپێی ئەو یاسایە حکومەتی هەرێم کارەکانی رێکبخات. دیوانی چاودێری ئێستا وەکو یاسا هەیە، بەڵام ئەو دوو دیوانەی کە ماوەتەوە لەوانەیە پەیوەندی بەخودی حکومەتەوە بێت کە تاکو ئێستا نەیتوانیوە جێبەجێی بکات. هەندێ سیفات هەیە کە کێ بەرپرسی یەکەم بێت لەم دیوانەو ئەندامەکانی چۆن بزو، هیچ کێشەیەکمان نییە لەسەر ئەو بابەتە.

هەروەها ئەوەی من زانیویشمە کە دیوانی چاودێری لەهەولێر کارایە، بەڵام زۆر ئیعلامی نین، ئەوە هەقیقەکە کە ئێمە شارەزای ئەو هەڤاڵەین کە بەرپرسی ئەم دەزگایەیە، واتا شتەکانی خۆیان زۆر ناخەنە نێو راگەیاندن. ئەگەر لەیادیشت بێت هەندێک شت لەدیوانی چاودێری سلێمانی کەوتە نێو رۆژنامەکانەوە، رەنگە ئەم یەکتر تاوانبارکردنە زۆر باش نەبووبێت، چونکە ئامانج لەدیوانی چاودێری تۆمەتبارکردنی یەکترو خەڵک نییە، دۆزینەوەی ئەو کەمو کوڕیانە بۆ نەهێشتنیانو لەگەڵ باشترکردنی شێوازی ئیدارەکردنو دارایی فەرمانگەکانی حکومەتە، نەک یەکتر تاوانبارکردنو هێنانە سەر رۆژنامەکان، ئەمە ئیشی دیوانی چاودێری نییە.

ئاوێنە: ئەو ماوەیەی پێشوو بارگرژییەکی زۆر لەنێوان میدیای ئەهلیو پارتیو یەکێتیدا هەبوو، پێشنیارتان چیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارگرژییە؟ یان ئاساییکردنەوەی بەباشی سەرۆکایەتیەکەی کردووە، بۆیە لەوانەیە زۆرینەی پارتی لەگەڵ ئەوە بێت دووبارە ئەو سەرۆکایەتییەکە وەرگرێتەوە.

ئاوێنە: ئامارژت بەوەدا لەکابینەی پێشوو دەبوایە یەکێتی لەدووساڵی دوایی تەمەنی کابینەکەدا سەرۆکایەتی حکومەت وەربگرێت، بەڵام تاڵەبانی بەباشی بینی کە نێچیرڤان بارزانی چوار ساڵەکەی خۆی تەواو بکات، ئایا پێشبینی دەکەیت بارزانیش پێشنیار بکاتو بڵێت با دکتۆر بەرهەمیش چوار ساڵ سەرۆکی حکومەت بێت؟

مەحمود محەمەد: ئەم بابەتە هیچ باس نەکراوە، بۆیە رەنگە هیچ زانیارییەکم لەو بارەیەوە لا نەبێت.

ئاوێنە: هەر دەربارەی حکومەت، تائێستا قسەو باس لەوەدەکرێتو دەڵێن حکومەت تائێستاشی لەگەڵ دابێت یەکی نەگرتۆتەوە، نە دکتۆر بەرهەم ئەو دەسەڵاتەنەی هەیە لەهەولێر دهۆک، نە ئازاد بەرواریش دەسەڵاتی تەواوی هەیە لەسلێمانی، ئایا چی دەکەن بۆ ئەمە؟

مەحمود محەمەد: دامودەزگاکانی حکومەت، زۆربەی یەکیان گرتۆتەوە بەڵام ئەو دابەشبوونەی کە پێشوتر هەبووەو پێویستی زیاتر بە گۆڕان هەیە، پێویستی بەرۆچونی یەکگرتنەوەکە لەئاستی سەرەوە بۆ خوارەوە هەیە، بۆ نمونە ئەگەر لەئاستی وەزارەتەکان ئێستا هیچ کێشەیەکی یەکگرتنەوە نەبێت، بەڵام لەئاستی پاریزگاکان یەکەکانی ئیداری لەسنوری پاریزگاکان بەدڵنیاییەوە ئەو دابەشبوونە هێشتا ئەو سیمای هەر پێوە دیارە، باشتر دەبوو ئەگەر بمانتوانیبایە کۆمەڵێک قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەی خەڵکی هەولێر کە ئێستا لێرە قایمقامن، لەگەرمیان بن یان لەسلێمانی بن، خەڵکی سلێمانیش بەهەمان شێوە لەزاخۆو دهۆکو لەهەولێر بن. بۆئەوەی کە ئەم سیمایە بەم شێوەیە نەمێنێتەوە.

هەر بۆیە لەدواکۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی تەئکید لەسەر ئەو بڕیارە کرایەوە، چونکە پێشتر بڕیارێکی وامان هەبوو کە کۆمەڵێک قایمقامی ئێرە نەقلی ئەوێ بکرێنو نەقلی ئێرە بکرێنو بیرلەوە بکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەری ناحییەکانو بەڕێوەبەری فەرمانگەکانیش بەمشێوەیە بێت بۆ ئەوەی ئەم بابەتە ئیدی بشکێتو کۆتایی بێت بەو تەقسیمەی کە پێشووتر هەبووە. دامودەزگاکان بۆ یەکگرتنەوە هێشتا پێویستییان بە ماوەیەکی زەمەنی ماوە بەتایبەتی وەزارەتی پێشمەرگە کە یاساکانو شتی خۆیان رێکخستووە، بەڵام رێکخستنەوەی وەحەداتی ناو پێشمەرگە وەکو شوێنەکانی دیکە نییە، دەبێت تێکەڵاوییەک دروست بکرێت. دەبێت یەکە یەکە بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە دایدەنێن جێگۆڕکێیان پێبکەن. کەئەوەش تاکو ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە سەرقاڵیەتیو وابزانم ئەوان لەوەدا موەفەقیش بوون کە کۆمەڵێک شتی لێک جیاواز کە هەبووە لێکی نزیک بکەنەوە یان بیکەنە یەک، ئەوەی کە ماویشە کاری لەسەر دەکەن بۆ ئەوەی تەواوی بکەن. وەزارەتی داد کە جیاوازبووە یەکی گرتەوە، وەزارەتی دارایی یەک وەزیر هەیەو تەعلیماتی دارایی کە ئەوانەی کۆن ئەگەر لەدوو ئیدارەکە جیاوازی هەبێت ئەوە خەریکن هەموویان

> **بەبۆچوونی من کەس خۆی کاندید ناکات بۆ کێبەرکێ کردن لەگەڵ بارزانیدا، بەڵکو کەسیش پێیخۆش نییە کەخۆی کاندید بکات**

بۆ خولی دوای ئەوە واتا دوای هەڵبژاردنەکانی ئاداری رابردوو، هەر بەهەمان شێوە رێکەوتین کە ئەمجارە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەبرایانی یەکێتی بێتو پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لەپارتی بێت، ئەویش ئەم چوار ساڵە، دوو ساڵ لەیەکێتی نیشتمانیو دووساڵیش لەپارتی دیموکراتی کوردستان.

ئاوێنە: واتا ئەمە رێکەوتنە لەنێوانتاندا هەرواش دەڕوات؟

مەحمود محەمەد: بەڵێ

ئاوێنە: واتا کە دکتۆر بەرهەم دوو ساڵی خۆی تەواو کرد پێشبینی ئەوە دەکەیت پارتی نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی حکومەت دابنێتەوە؟

مەحمود محەمەد: تائێستا هیچ بڕیارێک نییە کە لەپارتی کێ بۆ ئەو پۆستە کاندید دەکرێت، بەڵام بێگومان بەدوای کەسێکەوە دەبین کە بتوانێت ئەو ئەرکە زۆر بەباشی ئەنجامبدات، کاک نێچیرڤانیش ئەو ماوەیەی کە سەرۆکایەتی حکومەتی کردووە جێگەی شانازی هەمووانە. لەلایەکی تریشەوە هەرچی زیاتر پتەوکردنو تۆکمەترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)و بەتایبەت بەڕێز مام جەلالو جەنابی کاک مەسعود بارزانی لەم قۆناغەدا ئەو بەردەبازەیە کە کورد دەتوانێت بەشێکی زۆرتر لەمافەکانی بەدەستبهێنێت، ئەمە راستییەکەو هەموان دەیزانین، بۆیە دوژمنان لەهەموو رێگەیەکو رووبەکەوە دەیانەوێت ئەم پەیوەندییانە بشێوێنن و تێکبدەن.

سەبارەت بەپرۆژەی نوسینەوەی مێژووی هاوچەرخی کوردستانو عیراق، (کە سەرچاوەکەی زارەکی بێت یان ئەو کەسانە بن کە هێشتا زیندوون)، پرۆژەیەک بوو ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن کاک عیرفان قانعی فەرد پێشکەشکراو دوای گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێز کاک د.کەمال فوئاد، بڕیار لەسەر پرۆژەکە دراو بەندە وەک نوێنەری (ی.ن.ک) لەتاران سەرپەرشتی کارەکانیم گرتەئەستۆ. دوای نزیکەی دوو ساڵ لەکارکردن لەبەرگی یەکەمدا کتێبەکە ئامادەی چاپکردن بوو، بەڵام بەهۆی بوونی قسەی چەند کەسێک لەکتێبەکەدا کە دەمانزانی ئەو قسانە خزمەت بەهیچ لایەک ناکاتو ئەو کەسانە ناپاکیش بوون بەرامبەر بەکوردو سەرکردەکانی کاری چاپکردن دواکەوت، چونکە کاک د.کەمال سەرپەرشتی ناوەڕۆکی کتێبەکەی دەکردو رازی نەبوو لەسەر ئەو زانیاریە هەڵانە. دوای تەواوبوونی خوێندنەوەو لابردنی هەموو ئەو زانیاریە ناحەزانە (کە لێرەدا نوێنەری پ.د.ک لەتاران ئاگادار بوو)، هەستکرا خودی پرۆژەکە بەلاڕێدا دەبرێت، بۆیە لەمانگی ٢٠٠٩/٥دەوە بەئاگاداری جەنابی مام جەلال هەموو کارەکانی ئەو پرۆژەیە راگیراو ئەوەشی بڵاوبۆوە بەئاگاداری ئێمە نەبووەو ئەوەندەشی فریاکەوتین بڕی ١٢٠٠ دانە لەو کتێبەمان تەلەف کرد. ئێستاش دوای ساڵو چەند مانگێک لەبڵاوکردنەوەی کتێبەکە کە داواشمانکرد هەر کەس قسەی لەسەر کتێبەکەو ناوەڕۆکەکەی هەیە با بەنوسین بڵاوببکاتەوە، بەڵام هیچ کەس لەسەر زانیارییەکانی ناو کتێبەکە قسەی نەکردو لەپاڵ باسکردنی ژیانی جەنابی "مام جەلال"یشدا بەهیچ شێوەیەکی ناشیرین قسە لەسەر سەرکردەو رەمزەکانی کورد نەکراوە، بەڵام کاتێک ئامادەکاری ئەم کتێبە دێتو لەشوێنێکی تر چاوپێکەتن دەکاتو بەچەپو راستدا قسە دەکات بەهیچ جۆرێک پەیوەندی بەو کتێبەو بە (ی.ن.ک)ەوە نییە؟ ئێمە بۆ قۆناغێکی دیاریکراوو بۆ پرۆژەیەکی دیاریکراو لەگەڵ ئامادەکاری کتێبەکە کارمان کردووە، بەڵام هەموو ژیانو بیرکردنەوەی ناوبراو مولکی ئێمە نییە.

سەبارەت بەئیمزای جەنابی (مام جەلال)یش لەسەر کتێبەکە، دەمەوێت ئەوە روونبکەمەوە کە ئەو ئیمزایە راستە ئیمزای جەنابی (مام جەلال)ەە، بەڵام کۆپیکراوی ئیمزایەکی مام جەلالە کەلەمالّی کلینتۆن وێنەیەکی گرتوە، ئەوە بەبێ ئاگاداری ئێمە رووبداوە. بۆیە هیوادارم رووبکردنەوەکانی جەنابی مام جەلالو دووربینی هەردوو سەرکردەو مەکتەب سیاسی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک) کۆتایی بەهەموو شتەکان بهێنێتو لەمەودواش هیچ جۆرە قسەیەکی ئامادەکاری کتێبەکە نەکرێتە مالّ بەسەر یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە.

٢٩ی ئابی ٢٠١٠

...ل١٩

مەحمود محەمەد

ئەو بارودۆخە؟

مەحمود محەمەد: بەهەرحاڵ ئەوەی کرنگە کە حزب ئەرکی خۆی بزانێتو میدیاش ئەرکی خۆی بزانێت، میدیا چ سەر بەحیزب بێت چ خۆی بە ئازاد بزانێت، دەبێت نەهجێکی دیاریکراوو پەیامێکی دیاریکراوی هەبێت، کە دەیەوێت لەگۆڕەپانەکەدا رۆڵی هەبێت، ئەگەر بیەوێت میدیا بێتو خەڵک گوێی لێبگرێتو لێی فێربێت دەبێت مەوزونیەتی هەبێت. حیزبیش ئەگەر بیەوێت دەسەڵاتی هەبێتو بەردەوام بێت لەدەسەڵاتو لەگەورەبوون، دەبێت کۆمەڵێک پرەنسیپ هەیە رەچاوی بکات، ئێمە لەپارتی دیموکراتی کوردستان دەمێک بوو هەستمان کرد بەشێوەیەکی دیاریکراو هەندێک لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان راستەوخۆ دەیانەوێت هێرش بکەنە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر بۆنەو هەر رووداوێک کە رووی بدابایە، دەیان قۆستەوە. تەنانەت لەشوێنەکەوە ئەگەر خەڵکی دیکەشی تێدابایە، بەڵام پارتی دەهێنایە نێو مەوزەعەکەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر ئێمە بێدەنگ بووین لەبەرامبەر ئەو بابەتە، بەڵام وای لێهات کە بێدەنگییەکە زیاتر دەنگی ئەوانی هەڵدەبڕی بۆیە لەهەندێک بابەتدا وەکو ئەوەی پێویست بوو وەڵامدانەوەیەک وەکو کرا، بەڵام وەڵامدانەوەیەک وەکو ئیعلام. وەکو مافێکی هەر حزبێکو هەر دەزگاکەیەک کە هەقی خۆیەتی وەڵامی ئەو شتانە بداتەوە کە لەسەری دەنووسرێن، بەتایبەتی ئەو شتانەی کە بە ناهەق لەسەر حزبێک دەگوترێک. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە لەکوردستان کۆمەڵێک بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانە فەلسەفەو تێڕوانین و ئایدۆلۆژیای جیاوازی لەپشتە. ئەم فەلسەفەو ئایدۆلۆژیا جیاوازانە، ئەحزابی جیاواز دەهێنێتە گۆڕێ لەناو پرۆسە سیاسیەکە، یان کۆمەڵێک دامودەزگا دروستدەبن کە جیاوازییان لەنێواندا هەیە. ئێمە لەناو پارتی باوەڕمان بەو مەبدەئە هەیە کە لەکوردستان جیاوازی لەڕووی فکریو لەڕووی ئایدۆلۆژیاوە هەیە، لەتێڕوانینی لەچۆنیەتی ئیدارەکردنی

> **هەندێکجار میدیاکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە هیچ حیوارێک دروست نەبێت، گەر بیانەوێت حیوار دروست بکەن دەبێت بەشێوازێک بابەتێک تەرح بکەن کە پارتی بێنێتە گفتوگۆکردن**

هەوڵبدەن لەگەڵ دەسەڵاتو لەگەڵ ئەو حیزبانەی کە دەسەڵاتیان پێکهێناوە کەناڵی دیالۆگ نەپچڕێنن. ئەوان زیاتر هەوڵ بدەن ئەو دیالۆگە بمێنێتەو هەوڵبدەن رەخنە وا لێبکەن کە گوێگری هەبێت، وای لێنەکەن کە کەس گوێ لەرەخنەکانیان نەگرێت، چونکە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ هەندێک بابەتی دیکەو نەکرێتە ناو زڕاندنو خراپکردنی سومعەی لایەنێک یان کەسێک یان تۆزێک.